# بەياننامەی لیژنەی کاری هاوبەشی چەپی کوردستان

لیژنەی کاری هاوبەشی چەپ بڕیار و ڕێکارەکانی حکومەتی عێراقی بۆ بەرزکردنەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر دراوی عێراقی ڕەتدەکاتەوە.کە چوارچێوەی هەماهەنگی و نوێنەرانی کورد لە حکومەتی عێراقی بەڵێیان بۆی کردووە.

بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی دۆلار لەبەرامبەر دیناری عێراقی کۆمەڵێك هۆکاری لە پشتەوەیە کە دەرەنجامی شکستی سیاسەتی ئابوری بەرخۆرە کە دەوڵەتی عێراق پشتی پێدەبەستیت و هاولاتیانی هەژار و کەمدەرامەت و کرێکاران و توێژە پەراوێزخراوەکان باجەکەی ئەدەن ، ئەم بڕیارە پرۆژەیەکی مەترسیدارە و لە بەرژەوەندی توێژێکی سەرمایەدار و مشەخۆر و گەندەڵدا کۆتایی دێت و کاریگەر خراپ لەسەر ناجێگیری باری ئابوری و کۆمەلایەتی دروست دەکات ، بەهۆی گرانی بازاڕ و هەلاوسانی دارایی و بەرزبوونەوەی نرخی کالاو کەلوپەل و پێداویستی خزمەتگوزاری گشتی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری ، ئەمە جگە لەوەی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی پێگەی سیاسی و ئابوری عێراق لاوازتر ئەکات و هۆکارێك ئەبێت بۆ تاوانکاری و بەهێزکردنی تیرۆر و تیرۆرستان.

هۆکاری سەرەکی شکستی سیاسەتی ئابوری دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پرۆسەی ئابوری هاوسەنگ کە تەواوی کەرتە ئابورییەکانی بواری کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازی و پەرەپێدانی مرۆیی لەخۆبگرێت، ئەمە وای کردووە لە کاتی سەرهەڵدانی هەر قەیرانێکدا دەوڵەت پەنا بۆ بژاردەی خراپ ببات و قەیرانی دیکەی لێبکەوێتەوە.

گومانی تێدا نییە ئەم بڕیارە کاریگەری نەرێنی تەنها لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ئەمنی عێراق دروست ناکات بەڵکو کاریگەرییەکەی لەسەر هەرێم بەهێزتر ئەبێت ، چونکە گەندەڵی و چینی بورژوای مشەخۆر بازاڕیان کۆنترۆڵ کردووەو کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی هەیە ، ئەمە جگە لەوەی دەوڵەتێك و دەسەلاتێکی شکستخواردوون لە هەمان کاتدا ، هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ دۆخێکی لەم جۆرە نییە و چونکە پاشکۆی وولاتانی سەرمایەداری و وولاتانی هەرێمایەتین کە دۆخی ئەو وولاتانە لە عێراق و هەرێم باشتر نییە.

بۆ چارەسەری ئەم دۆخە پێویستە حکومەتی عێراق بەم بڕیارەدا بچێتەوەو پەنا بۆ ئەو بژاردانە بەرێت کە چارەسەری دۆخی دارایی بکات و بارگرانی لەسەر شانی هاولاتیان دروست نەکات. ئەمە بە پەیڕەو کردنی سیاسەتێکی دارایی دادپەروەرانە دەبێت کە بە دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی ئابوری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و پیاچوونەوە بە سستمی باج و بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی لە ئاوو کارەبا و تەندروستی و خوێندن و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی ئابوری بەرخۆر دەبێت و بە پەیڕەوکردنی ئابوری هاوسەنگ لە بواری کشتوکاڵی و بازرگانی و پێشەسازی و گەشتوگوزار پەرەپێدانی توانای مرۆیی و پشتبەستن بە داهاتی ناوخۆیی و کەمکردنەوەی هاوردە دەبێت.

وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەم بڕیارە داوا لە تەواوی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق بەگشتی و نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەندیکا و تەواوی جەماوری کوردستان عێراق دەکەین چالاکی بەردەوام بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە ئەنجام بدەن ،

**لیژنەی کاری هاوبەشی چەپی کوردستان**

٢٠٢٦/١٠/١١